sbey Research

# جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران:

# ستراتیژی مانەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؛

## پاراستنی هاوڵاتیان، کەمکردنەوەی خاڵە لاوازەکان و دەستنیشانکردنی دەرفەتە سنووردارەکان لە قەیرانێکی مەترسیداردا

کرۆکی سیاسەتی دەرەکی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان

ئاداری 2026



## دەستپێشخەری

پرۆژەی کرۆکی سیاسەت (Policy Brief)، دەستپێشخەرییەکی زانستییە "ناوەندی توێژینەوەی سبەی" (SRC) لەڕێگەی پێشکەشکردنی داتای شیکارکراو، لەسەر بنەمای توێژینەوە و تێڕوانینێکی بابەتیانە سەبارەت بە چەند پرسێکی گرنگی وەك "حوکمڕانی، بەشداری سیاسی و گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان" ئەنجامی دەدات. ئامانجی کارەکانی ناوەندەکە، بەرهەمهێنانی داڕشتنی سیاسەتە (policymaking) لەسەر بنەمای بەڵگە و گوتارە گشتییە بەرچاوەکان. چالاکییەکانی ناوەندەکە سێ بواری سەرەکی لەخۆ دەگرێت: ***توێژینەوە، داکۆکیکردن لە داڕشتنی سیاسەت، بەشداریکردنی گشتی***. لەم چوارچێوەیەدا، کرۆکی سیاسەت (Policy Brief) بەجۆرێك داڕێژراوە، کە پوخت و ئاراستەکراوی سیاسی بێت.

## کرۆکی سیاسەت

ئەم پەڕاوە دووهەمین کرۆکی سیاسەتە لە بڵاوکراوەیەک، لەلایەن ناوەندی "توێژینەوەی سبەی" تایبەت بە پرسە گشتییە هەنووکەییەکانی هەرێمی کوردستان و دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئامادە کراوە. ئامانجی زنجیرەکە: بەشداریکردنە لە گفتوگۆی سیاسی لەڕێگەی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی کردەیی پەیوەست بە حوکمڕانی و شیکارییەکی بونیادییەوە. ئەم کرۆکی سیاسەتە باس لە پەرەسەندنی مەترسییە ئەمنی و سیاسییەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە نێوان ململانێی ئەمریکا – ئیسرائیل و ئێراندا دەکات . بوونی هێرشە بەردەوامەکان بۆ سەر ژێرخانی هەرێم لە کاتێکدا هێزی بەرگری سنوورداره حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستۆتە دۆخێکی هەستیارەوە، کە مەترسی پەککەوتنی ئابووری، ناسەقامگیرییەکی درێژخایەن و ئەگەری گۆڕینی ناوچەکە بۆ سەنگەرێکی هەمیشەیی لێدەکەوێتەوە. ئەم کرۆکی سیاسەتە هەڵسەنگاندنێک دەکات بۆ هەر ئەگەرێک کە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوە،

## کرۆکی سیاسەت 01

**ئامادەکردنی**: تیمی ناوەندی توێژینەوەی سبەی

لە چوارچێوەی پەرەسەندنی ململانێ لە ناوچەکەدا، گفتوگۆ و شیکاری باردۆخەکە پێویستی و گرنگییەکی حەتمییە. ئەم کرۆکی سیاسەتە بە ناونیشانی جەنگی ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران: ستراتیژی مانەوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ لاوازییەکانی ناوچەکە و کاریگەرییەکانیان لەسەر سەقامگیری و حوکمڕانی دەخاتە ڕوو.

## سوپاس و پێزانین

ناوەندی توێژینەوەی سبەی سوپاسی بەشدارییەکانی ڕابەر تەڵعەت، بەڕێوەبەری ناوەندی  توێژینەوەی سبەی دەکات لە پای بەشدارییەکانی، هەروەها سوپاسی شرۆڤەکاران و چالاکوانانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوڵاتیان دەکات، کە سەرگەرمی گفتوگۆن دەربارەی حوکمڕانی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان.

## پوختە

جەنگی "ئەمریکا-ئیسرائیل و ئێران"، کە لە 28ی شوباتی 2026 دەستیپێکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستۆتە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ. لە سەرەتای جەنگەوە تا 25ی ئازاری 2026، (450) مووشەك و فڕۆكەی بێفڕۆکەوان ئاراستەی هەرێمی کوردستان کراون. بەو هۆیەوە 14 هاونیشتمانی شەهید و 85 بریندار بوون. هەروەك زیاتر لە 84%ی هێرشەکان، پارێزگای (هەولێر)یان بە ئامانج گرتووە، و زیانیان بە فڕۆکەخانە، کێڵگە نەوتییەکان و شوێنە مەدەنییەکان گەیاندووە. لە دەرەوەی ئەم ئامارانە، خەمی سەرەکی بریتییە لە: نەبوونی سیستەمێکی تۆکمەی بەرگری ئاسمانی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان و لاوازیی ژێرخانی نەوت و وزە؛ هەربۆیە هێرشێکی زنجیرەیی دەتوانێت لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، ئابووریی وڵاتەکەی پەک بخات.

لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنێکی واقیعی بۆ ئاڵنگاری و خاڵە لاوازەکان، ئەم کرۆکی سیاسەتە تیشك دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی، کە پێویستە کاری لە پێشینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مانەوە بێت. لەلایەکی ترەوە، چەندین هەڕەشە و مەترسی لە ئارادان: لاوازیی ژێرخانی نەوتیی، مەترسیی بوون بە مەیدانێکی هەمیشەیی جەنگ، هەڵکشانی دابەشبوونی ناوخۆیی (پارتی و یەکێتی) و ئەگەری سەپاندنی گەمارۆی ئابووری لەلایەن بەغداوە. لەگەڵ ئەمەشدا چەند دەرفەتێکی سنووردار بوونی هەیە: پێویستیی کاتیی بەغدا بەو بۆرییە، کە دەرفەتی دانوستانێکی ئەرێنی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان دەکات، هەروەها داواکردن لە ئەمریکا بە پێدانی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانی. هەر بۆیە لەم کرۆکی سیاسەتەدا پێنج ڕێکاری خێرا، پێشنیاز دەکرێت: (1)کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ بەغدا و تاران. (2) داواکردنی سیستەمی بەرگری لە ئەمریکا. (3)دانوستانێکی ئاگایانە لەسەر هێڵی بۆرییەکە. (4)یەکخستنی نێو ماڵی کورد (پارتی و یەکێتی). (5)ئامادەکاری بۆ خراپترین سیناریۆ.

### تێبینی

1.لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان بەشێك نییە لە جەنگی ئێران-ئەمریکا-ئیسرائیل، بەڵام لەناو چەقی ململانێکان و لە هێڵی پێشەوەی جەنگەکەدایە، وێڕای هێرشی بەردەوام بۆ سەر ژێرخانی هەرێم.
2.مانەوەی ئەزموونی هەرێم لە پێش هەموو شتێکەوەیە، بۆیە پێویستە خاڵە لاوازەکان لەبەرچاو بگیرێت، کە بریتین لە: ژێرخانێکی لاوازی نەوت و وزە، دابەشبوونی سیاسی (پارتی-یەکێتی) و پشتیوانییەکی نادیاری دەرەکی.

## پێشەکی: بۆچی ئەم قەیرانە مەترسیدارە؟

کاتێک ئەمریکا و ئیسرائیل لە 28ی شوباتی 2026 هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر ئێران دەستپێکرد، هاوکات هەرێمی کوردستان بەبێ ویستی خۆی، بووە ئەکتەری هێڵی پێشەوەی جەنگەکە، کە هۆکارەکەی ڕوونە: هێزەکانی ئەمریکا، کە لە عێراق کشاونەتەوە، ئێستا زیاتر لە هەرێمی کوردستان چڕبوونەتەوە (ACLED, 2026). سەرەنجام ئێران و میلیشیا شیعەکان، هەرێمی کوردستان وەک ئامانجێکی ڕەوا دەبینن. لەوبارەیەوە سەرچاوەکان ئاماژە بە 450 هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەکەن، کە لە نێوان 28ی شوبات تا 25ی ئازار، کراوەتە سەر هەرێم. واتە لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە کرانە ئامانج. تا ئەو بەروارە و بەهۆی ئەم هێرشانە 14 کەس شەهید و 85 کەسیش بریندار بوون (Rudaw, 2026). هەروەك جگە لە هاوڵاتی سڤیل، ئامانجەکان بریتی بوون لە فڕۆکەخانە، کێڵگە نەوتییەکان، هۆتێلەکان، وێستگەکانی پەیوەندیی

(NPR, 2026؛ Rudaw,2026). هاوکات گروپە میلیشیاکانی وەک "سەرایا ئەولیا ئەلدەم، مقاوەمەی ئیسلامی عێراقی و ئەصحاب ئەلکەهف" بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی زۆرێک لەو هێرشانەیان لە ئەستۆ گرتووە (ACLED, 2026). بەڵام نیگەرانی سەرەکی لە دەرەوەی ئەم ئامارانەیە، هەربۆیە ئەم کرۆکی سیاسەتە (Policy Brief) پێنج پرسیاری گرنگ دەخاتە ڕوو:

1- بە لەبەرچاوگرتنی نەبوونی سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستان، چۆن دەتوانرێت هاوڵاتیان و ژێرخانی هەرێمەکە بپارێزرێن؟

2- هەرێمی کوردستان چۆن خۆی دەپارێزێت لەوەی، نەبێتە مەیدانێکی هەمیشەیی جەنگ؟

3- لە نێوان دابەشبوونی پارتی و یەکێتیدا چۆن بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوو دروست دەکرێت؟

4- ئایا لەم قەیرانەدا، هیچ دەرفەتێکی مانادار هەیە بۆ حکومەتی هەرێم، یان تەنها هەڕەشەی دەرەکی بوونی هەیە؟

5-لە دۆخی پەرەسەندنی جەنگەکەدا، ئایا پلانی B چییە؟ بۆ نموونە ئەگەر ئێران هێرشی زەمینی بکات، ئایا بەغدا دەست بەسەر بۆری هەناردەکردنی نەوتەکەدا دەگرێت، یاخود ئەمریکا دەکشێتەوە؟

## میتۆدۆلۆژی

ئەم کرۆکی سیاسەتە پشت دەبەستێت بە ڕێبازی چۆنایەتی لەسەر بنەمای سیناریۆ. ئامانجی دەستنیشانکردنی هەڕەشە وجودییەکانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پێشنیازکردنی ستراتیژێکی پراکتیکی بۆ مانەوە و خۆپاراستن. پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە: حکومەتی هەرێمی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ژێرخانێکی تا ڕادەیەک لاواز و بەرگری سنووردار، چۆن دەتوانێت پێگەی سیاسی خۆی لەم قەیرانەدا بپارێزێت؟ سەرچاوەی داتاکان بریتین لە ڕاپۆرتەکانی کەناڵی مێدیایی (ڕووداو –Rudaw) لەسەر هێرشەکان، هەروەها شیکارییەکانی ACLED سەبارەت بە شێوازەکانی ئۆپەراسیۆنی میلیشیاکان، ڕاپۆرتەکانی NPR، هەروەها چاوپێکەوتنێکی بڵاوکراوە لەگەڵ قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، کە ڕایگەیاندووە، "ئەمە شەڕی ئێمە نییە" (Arraf & Inskeep, 2026)، هەروەها زانیاری لەسەر بۆری نەوتی کەرکوک-جیهان لە کەناڵی مێدیای ڕووداوەوە -Rudaw. لە پێشینەکانی ئەم شیکارییە خستنە بەر باسی سیناریۆیەکی ڕەشبینانەیە دەربارەی ئەم دۆخە: چی دەبێت ئەگەر هێرشەکان زیاتربن و پەرەبسەنن؟ ئەی ئەگەر ڕژێمی ئێران نەڕووخێت و وەک خۆی بمێنێتەوە؟ چی دەبێت ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە؟ ئەی ئەگەر بەغدا دەست بەسەر بۆرییەکەدا بگرێت؟ هەموو ئەمانە چەند گریمانەیەکی ئەگەرین، پێویستە لەبەرچاو بگیرێت.

### دەرەنجامەکان: سێ مەترسی و دوو دەرفەتی سنووردار

#### مەترسی یەکەم: لاوازی ژێرخانی نەوت و وزە

چڕبوونەوەی 84%ی هێرشەکان بۆ سەر شاری هەولێر بە ڕێکەوت نییە؛ (هەولێر) وەک پایتەختی هەرێمی کوردستان، هەر یەک لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی، کونسوڵخانەی ئەمریکا و بنکەی هێزەکانی ئەمریکا لەخۆدەگرێت (Rudaw, 2026). وێڕای ئەوەش کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە 200 کیلۆمەتر لە سنووری ئێران و تەنانەت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میلیشیاکانن. مەترسییەکە لەوەدایە؛ هەرێمی کوردستان سیستەمی (پاتریۆت و سی ڕام)ی نییە (Patriot &C-RAM) هەربۆیە سیستەمی بەرگری ئاسمانی سنووردارە و زیاتر لەو شوێنانە هەیە، کە ئەمریکییەکانی لێیە. بۆ نموونە هێرشێکی زنجیرەیی، کە 50 موشەکی لە خۆگرتبێت، دەتوانێت بۆ چەند مانگێک کێڵگە سەرەکییەکانی نەوت لەکار

بخات، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی داڕمانی ئابووری هەرێمەکە؛ چونکە بۆ 90%ی داهات پشت بە نەوت دەبەستێت، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم پێشتریش لە دۆخێکی ئابووری سەختدا بووە و لە دانەوەی قەرزەکانیدا کێشەی بۆ دروست دەبێت.

**مەترسی دووەم: بوون بە گۆڕەپانی هەمیشەیی جەنگ**

میلیشیاکانی حەشدی شەعبی سەربەخۆیانە هێرشەکانیان ئەنجام دەدەن (ACLED، 2026) و چەندین جار ڕایانگەیاندووە، کە لەسەر هێرشەکان بەردەوام دەبن. ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت، ئەوا هەرێمی کوردستان مەترسی ئەوەی لەسەرە، ببێتە "ناوچەیەکی هەمیشەیی جەنگ". دواجار لە دۆخێکی ئاوادا لێکەوتەکان کارەساتبار دەبن: چونکە، کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت دەکشێنەوە، وەبەرهێنانی بیانی لاواز دەبێت، هاوڵاتییان لەو شارانەی هێرش و مەترسی زۆری تێدایە، هەڵدێن. وەک ئەوەی لە ساڵانی 2004-2008 بەسەر شاری (بەصرە)دا هات؛ ئاوەدانکردنەوەی دوای ئەو بارودۆخە قەیراناوییەی بەسەر شارەکەدا هات، دەیان ساڵی خایاند.

**مەترسی سێیەم: دابەشبوونی (پارتی و یەکێتی) و نەبوونی پلانی جێگرەوە**

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەسەر دوو بەرەی جیا (پارتی و یەکێتی)دا دابەش بووە. لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، ئەم دابەشبوونە کێشەی ئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە، نەک تەنها بۆ بەرگری سەربازی، بەڵکو لە بڕیاردانی سیاسیشدا. بۆیە لە هەر ئەگەرێکی پەرەسەندنی دۆخی جەنگ و ململانێکی ناوچەکەدا، ئەگەر ئێران هێرشی زەمینی ئەنجام بدات، یان بەغدا دەست بەسەر بۆری نەوتەکەدا بگرێت، نەبوونی یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگە، دەکرێت ببێتە هۆی داڕمانی سیستماتیکی ئەزموونی هەرێم. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئەی ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە، یان ئەگەر ڕژێمی ئێران نەڕووخێت، ئەگەر بەغدا سزای تەواو بسەپێنێت؟ پێویستە چی بکرێت؟ پلانی B چییە؟ ئەم کرۆکی سیاسەتە هەوڵ دەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

**دەرفەتی یەکەم: پێویستیی بەغدا بە بۆری نەوتی هەرێم بۆ ماوەیەکی کاتیی (سنووردار)**

لە ئێستادا تەنگەی هورمز داخراوە و بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بە ڕێژەی 70% کەمی کردووە (Rudaw,2026). بەغدا داوای دەستراگەیشتن بە بۆری کەرکوک-جەیهان دەکات و لەبەرانبەردا "بەڵێنی داوە، کە ئاسانکاری بۆ خەرجکردنی بڕی بەکارهێنان

بکات" (Rudaw,2026). ئەمەش هێڵی دانوستانێکی سنوردارە لە نێوان هەرێم و بەغدا. بەڵام، **یەکەم**: ئەم دەرفەتە کاتییە، چونکە پێویستیی بەغدا بە بۆرییەکە کەم دەبێتەوە، کاتێک تەنگەی هورمز دەکرێتەوە. **دووەم**: بەغدا توانای دەستبەسەرداگرتنی بۆری نەوتی هەرێمی هەیە بە بەکارهێنانی سوپا و حەشدی شەعبی. **سێیەم**: ڕەنگە هەر دانوستانێک لەگەڵ بەغدا، ببێتە هۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازی لەلایەن بەغدا خۆیەوە بەرانبەر هەرێم. هەربۆیە هێڵی دانوستان ئەگەرێکی کراوەیە، بەڵام پێویستە بە وریاییەوە دەستی بۆ ببرێت.

**دەرفەتی دووەم: پشتگیری بەرگری ئەمریکا (بە مەرج)**

بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ داواکردنی سیستەمی بەرگری ئاسمانی. بەڵام ئەم دەرفەتە بە چەندین مەرج سنووردارە: (1) ئەمریکا دەتوانێت لە هەر ساتێکدا بکشێتەوە؛ (2) سیستەمی بەرگری گرانە و سنووردارە؛ (3) لە ئەگەری بوونی سیستەمی بەرگری ئاسمانیشدا 100% بەرگری و پاراستنی تەواوەتی گەرەنتی ناکرێت. بۆیە پێویستە بەدواداچوون بۆ ئەم دەرفەتە بکرێت، بەڵام پلانی پاراستن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە تەواوی وابەستەی ئەو دەرفەتە نەبێت.

## ئەنجام

شیکارییەکانی ئەم کرۆکی سیاسەتە (Policy Brief) ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دۆخێکی فرە ناجێگیر و مەترسیدار بووەتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ژێرخانێکی لاواز، نەبوونی بەرگرییەکی تۆکمە و بەهێز، دابەشبوونی ناوخۆیی و ئەگەری بوون بە گۆڕەپانێکی هەمیشەیی جەنگ، دەرفەتەکان بوونیان هەیە، بەڵام سنووردار و کاتین. بێگومان هەڵەیەکی گەورە دەبێت، گەر ئەم دەرفەتە سنوورداراانە وەک "ساتێکی مێژوویی بۆ بوون بە پاڵەوان" لێکبدرێتەوە. واقیعەکە زۆر لەوە توندترە؛ چونکە ئەمە "ساتێکە بۆ مانەوە نەک بۆ قارەمانێتی". لە دۆخێکی لەم جۆرەدا، سەرکەوتن پێویستی بە سێ شت هەیە: بابەتیبوون و واقعبینی ئەو سنوورداریەی، کە هەیە. یەکگرتوویی نێو ماڵی کوردی (پارتی و یەکێتی)، لەگەڵ بوونی پلانێک لە ئەگەری هەر سیناریۆییەکی مەترسیدار. حکومەتی هەرێم پێویستە ئەو ڕاستییەی قبووڵ بێت، کە ئەرکی سەرەکی ئەو، پاراستنی شەش ملیۆن هاوڵاتییە، نەک هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی "ئامانجی

ئایدیاڵی" کە ڕەنگە هەمووان بخاتە مەترسییەوە.

**تێبینی**

1.کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ بەغدا و تاران و یەکخستنی سەرکردایەتی سیاسی بۆ کەمکردنەوەی هەر ئەگەرێکی بەرکەوتن و پەرەسەندنی زیاتری گرژییەکان.
2.دەستبەجێ جێبەجێکردنی پلانی B لەوانەش: دەستراگەیشتن بە سەرچاوەی داهاتی جێگرەوە، دیپلۆماسییەکی خێرای فریادڕەس، پاراستنی هاوڵاتییانی سڤیل، و دانانی پلانێکی ورد و خێرا، لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا، یان چڕبوونەوەی ململانێ لە ناوچەکە.
3.لەپێشینە دانانی ڕێوشوێنە پراکتیکی و کورتخایەنەکان لەپێناو پاراستنی هاوڵاتییان و ژێرخانی گرنگی هەرێم و ئامادەسازی بۆ ئەگەری ڕوودانی خراپترین سیناریۆ.

## دەرئەنجام و پێشنیازەکان

دەرئەنجامەکان (ئەگەر هیچ ڕێوشوێنێک نەگیرێتەبەر):

لە دۆخێکدا گەر هێرشەکان بەردەوام بن و حکومەتی هەرێمیش ستراتیژییەکی ڕوونی نەبێت:

1- ئەو ناوچانەی مەترسییان لەسەرە، ئەگەری جێهێشتن و چۆڵکردنیان هەیە لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە.
2- دارمانی ئابووری، ئەگەر کێڵگە نەوتییەکان بکرێنە ئامانج و لەناوببرێن.
3- جێهێشتنی هەرێم لەلایەن کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان و وەستاندنی وەبەرهێنان.
4- قوڵبوونەوەی دابەشبوون و ململانێکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
5- لەدەستدانی متمانەی نێودەوڵەتی.

### پێشنیاز (کورتخایەن و درێژخایەن)

**کورتخایەن:**

1. کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ بەغدا و تاران لە ماوەیەکی کورتدا: پێویستە حکومەتی هەرێم جەخت لەوە بکاتەوە و دووپاتی بکاتەوە، کە بەشێک نییە لەم جەنگە و بەردەوام هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا بکات بۆ کۆنترۆڵکردنی میلیشیاکان. تەنانەت کردنەوەی کەناڵێکی نافەرمیی لەگەڵ تاران، "لە ڕێگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان"ەوە، کە پەیوەندییەکی مێژوویی هەیە، دەکرێت پەیامێکی ڕوون و ڕاشکاوانە بێت، کە هەرێمی کوردستان نابێتە هۆی دروستبوونی هیچ مەترسییەک بۆ سەرئێران.

2. ئامادەسازی بۆ پلان B: چی دەبێت ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە؟ چی دەبێت ئەگەر ڕژێمی ئێران نەڕووخێت؟ ئەی ئەگەر بەغدا دەست بەسەر بۆربیە نەوتەکەدا بگرێت؟ هەربۆیە

پێویستە حكومەتی هەرێم چەندین وەڵام و ئامادەسازی هەبێت، لەوانە: بژاردەی دیپلۆماسی لەگەڵ توركیا، پەیوەندی خێرا و تۆكمە لەگەڵ دەوڵەتانی كەنداو، وەک سەرچاوەی جێگرەوە بۆ داهاتی هەرێم.

3. ئامادەكاری بۆ خراپترین سیناریۆ: كۆكردنەوە و كۆگاكردنی خۆراک و دەرمان، بنیاتنانی پەناگەی ئارام و سەلامەت و پەرەپێدانی پلانی چۆڵكردن. ئەگەرچی ئەم سیناریۆیانە بەجۆرێك ڕەشبینانە دەردەكەون، بەڵام بابەتی و پێویستن.

4. یەكڕیزیی پارتی و یەكێتی: لە دۆخی قەیران و تەنگژەدا، دووبەرەكی مەترسیدارە. پێویستە سەركردەكان بەڕەچاوكردنی ئەم دۆخە وەک دۆخێكی مەترسیداری سیاسی و ئەمنی، كۆببنەوە و پابەندی پەیامێكی یەكگرتووبن.

**درێژخایەن:**

1.داواكردنی دەستبەجێی سیستەمی بەرگری ئاسمانی لە ئەمریكا: زۆر گرنگە وەک میكانیزمێک بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی سڤیل، ڕەچاوی ئەم پێشنیازە بكرێت، نەك ئامرازێكی هێرشبەری. هاوكات پێویستە ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین، كە تەنانەت بە هەبوونی سیستەمێكی لەم جۆرەش، ناتوانرێت گەرەنتی ئاسایشی 100% بكرێت.

**دوا وتە:** ئەم جەنگە وەك تاقیكردنەوەیەک بۆ مانەوە سەیر بكرێت، نەک دەرفەتێک بۆ سەركەوتن. سەركەوتن، بە واتای پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان و دەسكەوتەكانی 33 ساڵی ڕابردوو. هەربۆیە لەم دۆخەدا شكستهێنان دەرئەنجامی توندی لێدەكەوێتەوە. دواجار هەڵبژاردن و بڕیاردان لە نێوان ئەم دوو كردەیەدا، لە بەرپرسیارێتی سەركردایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستاندایە.

## سەرچاوەکان

ACLED. (2026, March 04). *ACLED*. Retrieved from acleddata.com: https://acleddata.com/update/middle-east-special-issue-march-2026

Arraf, J., & Inskeep, S. (2026, March 09). *NPR*. Retrieved from npr.org: https://www.npr.org/2026/03/09/nx-s1-5741748/kurds-are-not-guns-for-hire-in-iran-conflict-regional-leader-says

NPR. (2026, March 06). *NPR*. Retrieved from npr.ord: https://www.npr.org/2026/03/06/nx-s1-5738448/iran-us-israel-war

Rudaw. (2026a, March 25). *Rudaw*. Retrieved from rudaw.net: https://www.rudaw.net/english/kurdistan/250320264

Rudaw. (2026b, March 11). *Rudaw*. Retrieved from rudaw.net: https://www.rudaw.net/english/business/11032026.